
# دادە لەیلا مۆریاسی ئەم جارەش کورتت هێنا؟! ... مەحموود حاجی عومەر



من لەوەڵامی پێشوم دا بۆخاتوولەیلا کە هەندێ درۆو بوختانی بە دەم مام جەلالەوە بڵاوکردبوەوە، پێم وابوو باری سەرنجەکەم دەبێتە تەمبێیەك تا چیترجورئەت نەکا بەلای هەواڵی چەواشەکراوو لارێ دا گوزەربکا. . کەچی زۆربەداخەوەئەوکۆلکە خوێندەوارە کۆڵە وارە دیسان کەوتۆتە داوی هەمان چەواشەکارییە وەو ئەوجارەیان بە خۆمەوە گرتوویەتی.

بەڵام منیش دەڵێم خانم گیان: خۆشبەختانە ئەم جارە هەموو قسەکانت لە ڕاستیەوە دوورن!

بۆیە من تەنها بەم چەند دێڕە وەڵامت دەدەمەوە:-

1- باسی شەڕی کۆنەقین دەکەی. من نازانم کام کۆنەقین؟گەرتۆخۆت بەکەسێکی ڕابردووپاکو بێلایەن دەزانی ئیتر بۆ باسی کۆنەقین دەکەی؟لەکاتێکدا نەدەتناسم نە دەمناسی!ئەسڵەن ڕاستت نەفەرموو نەک خەڵکی شارەکەشت نیم، بگرە تەنها بەڕێڕەو شارەکەتم دیوە. کە تۆ بە هەتیوە ووردکەی سەرجادەو کچەڕێمان لێ تێدەگەی.

2-خانم گیان پێویست بە تەحەددا ناکا تامن گۆڕی (5) پێنج کۆنە بەعس یت پێپیشاندەم. گەورەیی (کوردستان ویەکێتییەکەی) هەرلە چاوی خۆت و شارەکەتەوە مەڕوانە ڕۆڵەگیان تۆزێ سەرهەڵبڕەوگەرمیانی هە ڵقرچاوودووزی شەقارشەقاریش ببینە. ئەوگەرمیانەی کە کوانوی حەوتەوانەکەی داری خلە ی لەئامێز گرتووە. ئەودووزەی کەخوێنی حەمەڕەشەکەم ڕەنگ ڕێژی کردووە. گەر ئاوڕێکیش لە جە باری بدەیتەوە (حەمک وژاڵە) نەبەردییەکانی (مامە ڕیشە) ت بۆدەگێڕنەوە. ئەو (ڕیشە) یەی کە هەموبەعس ی پێی سەرسام بوو، کەچی زۆڵە کورد شەهیدی کرد. ئەو زڕەکوردەی کە منیش و تۆش دەزانین کێ یەو ئێستا گۆڕەکەی لە کوێ یە؟کوژانە (ڕاتب) ەکەشی لە شەهیدانەکەی مامە ڕیشە زیاترە!!!! - بۆڕۆڵە گیان پێت وایە بەعسی هەرلە سلێمانی دا هەبووە؟

3- گەر کوردستانیش لە سلێمانی یەوە دەبینی، تەنها چالاکییەکانی شەهیدئاسۆی دەللاك کافی یە کە 20 بیست 5 پێنج یشت پێنیشان بدەم. !ئیتر جگە لە شەوچالاکی کوڕانی تیپەکانی--- (31ی سلێمانی-37ی شاربازێر-47ی پیرەمەگرون-55ی قەرەداخ-57ی سەگرمە)
.

4-خانم گیان گەرتۆ خۆت بەداکۆکی کارلەمەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەت وپاراستنی شعوری کەسێتی چین و توێژی گەلەکەت دەزانی، چۆن سووکایەتی بە پاکترین و شەرەفمەند ترین توێژی کۆمەلگاکەت دەکەی؟ کە ئەویش (دوکاندارە) . بریا بم زانیبا جەنابتان چ کاسبییەکتان لە دوکانداری پێ شەرەفمەند ترە؟

5- ئەگەر خۆت پێخوێنەوارورۆشنفکرە زۆر سوپاست دەکەم گەرلەڕێزمانی کوردی یا (قواعید - گراماتیك=grammatik) ی هەر زمانێکی تردا بتوانی وشەی (ترێحات) م بۆ پێناسە یان شیتەڵ بکەیت. وا هێندەت چەند بارە کردووەتەوە کە بۆم لە ژماردن نایەن!تاکو منیش و خوێنەرانی (ڕستە وەلامەکەت) لێ ی تێبگەین چی یە؟

6-هەروەکو لە هەواڵەکەی پێشووت کە زۆریش بە دڵنیایی یەوە جەخت لەسەرئەوەدەکەیتەوە کە ناوە (دوکاندار) بیەکەم خوازراوەو ناوی خۆم نیە و گوایە ناوێرم ناوی خۆم ئاشکرا بکەم.

بۆیە منیش دەڵێم: ئازیزم دیسان ئا لەمەشیاندا خۆت شەرمەزار کردو ڕاستت نەفەرموو. چونکە من مام ساڵەح نیم وەکوتۆ دەڵێی. . . من (مەحموود حاجی عومەر) م کە هەمووگەرمیان دەزانێ مەحموو حاجی عومەر، یان ڕاست تر وەکو نازناوی سەردەمی پێشمەرگایەتی وشاخ- (مەحموو بی. کەی. سی B. K. C) کێ یە؟. حەتمەن هەم خۆت هەم کە س وکارەشاخییەکانیشت هەر هیچ نەبێ جارێ لە جاران گوێ بیستی تیپی51ی گەرمیان و ت53ی شێروانە بوون.

ئیتر دیارە دەبێ بشزانن سنوری چالاکی کەرتەکانی ئەو تیپانە کوێ بوون؟!!

بۆیە دەڵێم ئەمەشمان بە فشە لێتێمەگە و برۆ بەلای خزمەکانتەوە با فێری ڕاستگۆییت بکەن. . . . لەگەڵ ڕێزم دا.

برات/ مەحموود حاجی عومەر
lashkr10@hotmail. com